# له یادی كۆمۆنەی پاریسدا

## بژار

بەیانی بوو شار خرۆشا
هەرچی بازی نەسرەوت هەبوو
له سنگیانا ... وەك ئاگری كووره جۆشا
دیسانەوه له مێژوودا ( پاریس ) زەنگی لێدایەوه
وەك بارانی بەهار , مەرگی به سەر زوڵما بەردایەوه
هاوار ئەكرا :
ئێمەی جۆگه بیێنه سەر یەك
دەریایەكین , گەوره و بەریین
ئێمەی درەخت , بیێنه لای یەك
گەورەترین دارستانی چڕ و زەبەنگی سەر زەوین
ئازادیمان له مەچەك و
بازوومانا زیندانییه , بەری ئەدەین
كرێكارین به ئاواتی له مێژینەی خۆمان ئەگەین
وەرنه دەریٚ
بڕیارێكه , گەڕانەوەی نەبیستووه
وەرنه دەریٚ
ڕیزەكانمان به خوێن و دڵ یەكخستووه
دەرگای ماڵ و دەرگای دڵتان ئاوەڵاكەن
هەم خۆتان و هەم ئاگرتان له تینوێتی بەرەڵاكەن
وەرنه دەریٚ
به ڕاوەستان , ئێمه سیس و ئەوان گەشن
ئێمه كۆیلەی بەرهەم هێن و ئەوان گەورەی خاوەن بەشن
وەرنه دەریٚ
با برینمان گڕ بسێنیٚ و كڵپه بكات
وەرنه دەریٚ
با دڵ له ناو خۆری دەستا خۆی نوقوم كات

**كە زریانی ئێمە هەڵکات**
**کەشتی ئەوان سەرنگوومە**
**چاوی ئێمە بروسکە بات**
**ڕۆژی بەختیان شەوی شوومە**
**هاوار ئەکرا :**
**هەوری خوێنن ... بگرمێنن**
18**ی مارسە ! ,**
**دەستی تۆڵە لە کالانی خەو دەربێنن**
**هەتاوێکی خامۆش نەبوون ,**
**لافاوێکی بێ نیشتنەوەن**
**ئەوەی کە ( تییر ) لێی تۆقیوە**
**وەرنە دەرێ , ئێوە ئەوەن**
**چەمی هاوار بە گوێیانا شۆڕ کەنەوە**
**وەك کرێوە و تۆفی زستان , بە ڕوویانا هەڵکەنەوە**
**ئێوە بەرزن , بەو قەدەرەی لوتکەی چیا شەرمەزارە**
**ئێوە گەشن , بەو قەدەرەی گوڵ لە ڕەنگی خۆی بێزارە**
**ئەم ( پاریس ) ە دەرگایەکە**
**بە ڕووی ئاسۆی کرێکارا داخراوە ... بیکەنەوە**
**ئەم ( پاریس ) ە باستیلێکە**
**بە ڕووی چینی کرێکارا ڕاست بۆتەوە ... بیخەنەوە**
**نابێ ئیتر ئازادیمان**
**وەك ئەستێرەی گەلاوێژی دوای هاوینان پێنەکەنێ**
**نابێ ئیتر خرۆشانی**
**ئێمە چینی بۆرجوازی لە ڕەگەوە هەڵنەکەنێ**
**مەشخەڵانین کەوتوینە ڕێ , برسێتیمان ئەسوتێنین**
**هەڵپێچانی چەوساندنەوە**
**نێرگزێکە لە سەر لاشەی سەرمایەدار ئەیڕوێنین**
**هاوار ئەکرا :**
**ئەوەی بڵێ , ژن لە ڕیزی پیاوا نیە**
**دوو گلێنەی ئەکەین بە کالانی خەنجەر**

ئەوەی بڵێ , کاری منداڵ هەڵۆیەکی بەرزە فڕە
ئەچینە ناو جگەریەوە کەڵە پشکۆی ئەخەینە سەر
ئەوەی بڵێ کرێی چوون یەك
ئەسپە شێ یە و دابیین نابێ
گڕی چنگمان بە دەشتایی هەموو سینەی ڕێی بردووە
ئەوەی بڵێ دین و دەوڵەت ئەبێ یەك بن
کوانووی ڕقمان فێری ئەکات
چۆن داڵیتی مێشکی هێشتا هێشووی عەقڵی نەگرتووە
18ی مارسە
ئیلحاد ئەبێ دەمامکی هەڵباتەوە
لە ڕووی هەموو ئاینێکا , مانگی ڕوخسار شەوق باتەوە
سوپا دەبێ
وەك دەوڵەتی ڕۆما لە بەر یەك هەڵوەشێ
پۆلیس گۆشتی برینێکە
لە هەنگاوی یەکەممانا ئەبێ بڕزێت و داوەشێ
* * *

بەیانی بوو شار خرۆشا
چاو . . پرشنگ و
دڵ . . ئاگر و
دەست . . ئاسنی ڕووتی پۆشا
ووتیان : خەوی سەدان ساڵە
ئەمڕۆ پێڵووی دەکاتەوە
مێژووی چەوساندنەوە ( پاریس ) ,
وەڵامی پێ ئەداتەوە
ئەبینە مەرگ بۆ وەستانمان
کڵاوی خۆر دەکەینە سەر
بەرە و گۆڕی هەڵکەنراوی
ئەم نیزامە ئەدەینە بەر
خوێن مژینمان تاپۆ نیە
بە گۆڕیانا ئەییەینە خوار

به ڕوویانا ڕقمان ئەکەین
به لافاوی بروسکەدار
کوورەی دەستمان بخەینە گەڕ
سەد بەستەڵەك دەکاتەوه
له قوڕگیانا پەرده به سەر
هەناسه , دا ئەداتەوه
ووتیان بەسه !
هەموو ڕۆژێ دارستانێك داریان له لەشمانا ئەشكان
هەر به ئێمه زیندانەکان پڕ ئەکران و
دواییش به بارانی خوێنی
بەر ( مەقسەله ) , چرای بەختیان دا دەگرسان
ئێمه دوێنێ و بەسەرهاتی , له مەیدانا ئاگر ئەدەین
دەست و قاچی خەوی ماوه , له چاومانا زنجیر ئەکەین
18ی مارسه
چۆن ڕێگه بەین
ئازادیمان له دڵمانا هەتاوی دا نەگرساو بێت ؟
چۆن ڕێگه بەین دەسەڵاتمان
له دەستیانا , شمشێرێکی ڕاوەستاو بێت ؟
ئەمڕۆ ئیتر زەردەخەنه
دەبێ ئاڵای حوکمڕانی به سەر لێوا بەرز کاتەوه
چاوی ئێمه ئەستێرەیه
دەبێ جوابی هەموو شەوێك به جریوه بداتەوه
ئەمڕۆ ئیتر لەشی ئێمه
چەقۆیەکه ڕووه و برین , دەمی تیژی ڕاگرتووه
گیانی ئێمه هەوری گڕه
زەوی هەموو غەمەکانی به بروسکه داگرتووه
بۆ ... پێشەوه ,
لەم کاتەوه دڵ لێدان و سەر و ڕەنگمان
هاژه و لوتکه و خۆرەتاوه
پەلامار و دەنگ و ڕوانین

وەکو بازوو و بیر و ئاوات
سۆشیالیزمی تێ ئالاوە
هەر پەنجەیەك لە ڕوومانا
ئالاوەتە دار و تفنگ , بیشکێنن
هەرچی دڵێك
شادی ئێمە دەخاتە ناو دۆزەخیەوە , بیوەستێنن
بۆ ... پێشەوە ,
گەڕانەوە لە هەڵمەتی کرێکارا نەبیستراوە
گەڕانەوە , بایەوانی کەشتییەکە
لە زریانی بازوومانا لوول دراوە
کوشتنی ئێمە شەتڵ نییە ,
خێرا خێرا لە کوشتارگای شەڕەکانا بیڕوێنن
پشتی ئێمە ئابڕووی خۆیان نیە لە ژێر
باری قورسا ,چۆنیان بوێ بینەوێنن
بۆ ... پێشەوە ,
با کێشەمان لەگەڵیانا یەکالا کەین
با دەروازە
لە سەر خوێنی هەڵچوومان و
ڕووخانی ( تییر ) ئاوەلا کەین
شاخی ڕۆشتوو
لە هەر کوێ بێ , بوومەلەرزە ئەتاسێنێ
ئازاری گڕ لە خۆ بەستوو ,
بورکان بە زام ئەناسێنێ
بۆ ... پێشەوە ,
ئەم هەڵسانە ,
گەر لافاوی تووڕەش بێتە گێژەنیەوە , تیا خنکاوە
بۆ ... پێشەوە ,
کۆمۆنیزم گڵۆپی ناو دڵ و چاوە
دە سەیری کەن ئەوەتانێ لە ناومانا داگیرساوە

*           *           *

بژار